# پەنا بۆ بەر سێبەری خانەقا

مامەند جەهانمیهەن

"تەورێز" ٣

سەرلەبەیانی زوو بەرەو تەورێز وەڕێکەوتین. شێخ تاوێک مات و بێدەنگ بوو، لە ناکاو سەری بۆ دواوە سووڕاند و، وەک ئەوەی ئەو ماوەیە بیری لە شتیک کردبێتەوە و ئێستا بڕیاری کۆتایی بدات، کوتی: دەروێش سمایل! لەم دوایین پرسگەیە بەبێ گەڕ و گێچەڵ دەرچین، تازە تا تەورێز یەک پشوو ڕاناوەستین.



شێخ دیار بوو نیگەران بوو و، ئەم ترس و پەرێشانییەشی بە ڕوخساریەوە دیار بوو، هەر کە لە پرسگەکە نیزیک بووینەوە، شێخ شریتی" عبدالباسط عبدالصمد "ی کە سوورەی "یوسف" ی دەخوێند وەسەر زبتەکە خست و خەریک بوو بەشێنەیی بە نووکی پنجەکانی ڕیشی جوانی شانە دەکرد.

کە پێشی ماشێنیان گرت و، چاویان بە شاڵ و کەشیدەی کەسک کەوت و، بۆن بەرامەی شێخیان هەڵمژت و، چریکەی "عبدالباسط"یان بیست، ئیتر هەموو مەست سەرخۆش بوون و بە لارەملی بەرگری سەرڕێگایان لابرد و بە پەلە تێپەرین.

.هەر کە لەوان نەدیو بووین، شێخ سەرلەنوێ پەنجەی بۆ زەبتەکە برد، ئەو جار گۆرانییەکی گشتی فارسی بوو، لەو گۆرانییانەی دەوری شا لە کابارەکان گوێیان پێدەدا، ئیتر شێخ دەستی کرد بە چەقەنە لێدان و خۆبادان، ئەم جار ڕووی لە من کرد و کوتی: دەروێش سمایل! بەم فڕ و فیکە نەبا، نەدەکرا و نەمدەتوانی لە خشتەیان بەرم.

پاش نیوەڕۆ گەیشتینە تەورێز و لە دەروازەی شار تێپەڕین، من لە دواوە بەئارامی لە شەقام و دەرک و بان و کۆڵانەکانم دەڕوانی، لەپڕ دەنگی یەکدوو تەقە هات، ئەو جار بوو بە دەسرێژ و هەڵات هەڵات، وەک ئێوارانی سەرەتای شۆڕش لە مهاباد.

ئیتر دەستبەجێ چوارڕێیەکان گیران و، کەژاوەی ماشێنەکان وەستان و،

## هێزی چەکدار بە شەقام و کۆڵان و سەربانەکان وەربوون.

وەک ئەوەی لە کەسێک بگەڕێن، یەکە یەکە ماشێنەکانیان دەپشکنی، تا گەیشتە نۆرەی ئێمە، پاسدارێک سەری بە پەنجەرەی ماشێنەکە داکرد و چاوێکی گێڕا و پرسی: چەکدارتان پیوستە بۆ پارێزگاری لە خۆتان؟

شێخ پرسی: بۆ چی ڕوویداوە؟

کوتی: "منافقین" هەر ئێستا ئیمام جومعەیان ترۆر کرد.

شێخ زۆری سپاس کرد و کوتی: پێویست ناکا، ئێمە خۆمان چەکدارین.

نازانم ئەگەر پاسدارەکە پرسیبای کوا چەکەکەنتان؟ دەبوو شێخ وڵامی چی بێت و چونمان لەو کێشەیە دەرباز کات.

ئیتر بەم جۆرە لە بەڵای لابەلا لامان دا و، بە پەلە لە شەقامەکە لامان کردەوە و، لەو شوێنە دوور کەوتینەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی، هەر کە تۆزێک فێنک بوو، بۆ لای چەند دوکتور چووین بەڵام بە هۆی زۆری نەخۆش، کەسی تریان وەرنەدەگرت، تا ناو و نیشانی دوکتورێکیان پێداین و بەبێ نۆرە و وەستان وەژوورکەوتین.

دەڵێن: گفتی خۆش و جوان ئاوڕێنی دڵ و گیان دەکا.

شێخ کوتی دوکتور! ئێمە هەر لە خۆوە بۆ لای تۆ نەهاتووین، ناوبانگی پاکی و چاکی و جوانمێری تۆ کەوتۆتە سەر زاری هەموو خەڵکی کوردستان.

ئێمە نەتەوەیەکی بچووکین و دەولەت بەردەرکی گرتووین و شەڕی پێفرۆشتووین، ئەم کوڕە تاکە یەک کەسە، بەڵام بۆ ئێمەی بێکەس چارەسەری یەک کەسیش بەسە، ژیانی بە تۆ و گیانی بە خوداوەندی تۆ دەسپێرم.

شێخ کە ئەوەی کوت، دوکتور چاوێکی لێم کرد و، سرت و خورتێکیان بە یەکەوە کرد و بێ ئەوەی پووڵ و پارەیەک بدەین، ماڵئاواییمان کرد و بەرەو بیمارستان وەڕێکەوتین.

شیخ دەستی گرتم و لەگەڵ پەرستارێک بۆ ژوورێکیان ڕەوانە کردم و ئیتر شێخ زۆر نەوێستا و، ژمارە تەلەیفوونی خۆی پێدام و ماڵئاوایی لێکردم.

هەر کە شێخ لە دەرگا ترازا و ون بوو، پەرستارەکە زوو گەڕایەوە و کاغەزێک کە "استراحت مطلق" ی لە سەر نووسرابوو لە پشت سەرم هەڵواسی و کوتی: نابێت لە جێگای خۆت ببزووی

ژوورێکی پاک و فێنک و خۆش، جیا لە تەختی من جێگای چوار کەسی تریشی لێبوو.

ئیتر لەژێر مەلافەکە خزام و، چاوم نووقاند و، خۆزیام دەخواست ئەوەی تووشی هاتووم خەون بێت و، ئای بۆکەسێک لەو خەوە منی ڕادەچڵەکاند.

چاوم لە بیرەخەو ڕاچووبوو کە کەسێک لە ناکاو هەر دوو پووزی پای گرتم و بە خۆیەوە نووساند، من کوتم ئەوە ئەم ڕۆژە بوو لێی دەترسام. تازە کار لە کار ترازا و گیرام!

کە هەستام پیاوێکی بەساڵاچوو بوو، لاقی ماچ دەکردم و دەیناڵاند و دەیکۆت: گیانم بە فیدات! هەر کە تیشکی ناوچاوانی باوکت لە چاوی دام، بەرگەم نەگرت و لە هۆش چووم و بوورامەوە و ئاگام لە خۆم نەما.

پیرەپیاو، دەروێشی "تەریقەتی قادری" بوو و نیشتەجێی"ساردەکوێستان"ی نێو گەورکان. وەکوو دواتر گێڕایەوە، شەوێک مانگاکەیان زاوە و ئەویش بە دیاریەوە وەستاوە و، ژەکی بە گوێرەکەکە داوە و، لەم هاتووچۆیەدا گاجووتەکەی ڕاچەنیوە و ترساوە و، دەروێشی وەبەر شاخ و شەقۆن داوە و چەند پەراسووی شکاندووە و تا فریای کەوتوون چاوێکیشی کوێر کردووە. ڕۆژی دوایی لە سەقز بۆ سەر دوکتور چووە و لەوێوە بەپەلە بۆ تەورێزیان ڕاگوێزتووە.

سێ کەسەکەی تر پاسدار بوون و لە بەرەکانی شەڕی نێوان عراق و ئێران بریندار ببوون. کە شەو درەنگ دەبوو، دەستیان دەکرد بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و، شەڕ و، پەلامار بۆ سەنگەری دوژمن و شکاری تانک و بەدیلگرتن و شتی لەم بابەتەوە.

هەموو ڕۆژێک کەس و کاریان دەهات و لە دەوری یەک دەهاڵان، لە منیان دەپرسی کە بۆ چی کەس نایە بۆ سەردانت و کەس

لێت ناپرسێت؟

منیش لە وڵام دا دەمکوت: من خەڵکی سەرسنوورم و کەس و کارم لێرەوە زۆر  دوورن و نازانم ماون یان مردوون. ئیتر دڵیان پێم دەسووتا و، بۆم دەگریان و، چەند جاریش ئاش یان لەگەڵ خۆیان بۆ دێنام و پێیان دەدام.

دەروێش هەر تاو نا تاوێ لێی دەپرسیم، باوکت کەی دەگەڕێتەوە و دەتوانم دەست و پلی ڕامووسم.

دەروێش لەمێژ بوو لە خەستەخانە کەوتبوو، بەم ڕۆژگارە دوکتور و پەرستار بە دەوریدا دەهاتن و دەچوون، کەچی هەموو ڕۆژێک بە منی دەگوت: ئەگەر شێخ تەشریفی هاتەوە، دەبێ ئەم "ویشکە بیرۆ"یەی ئانیشکمی پێ ببرم  .

جار جار ڕوو لە دوکتور و  نەخۆشەکان، قامکی بۆ من ڕادەداشت و، بە فارسییەکی سواوی سەدەی سێ و چواری کۆچی دەیکوت: ئەگەر ئێوە دەتانزانی ئەوە کوڕی کێیە و بنەماڵەی پشتاوپشت لە ڕێگای دین و دونیادا چییان بۆ ئەم خەڵکە کردووە، پەیکەری زێڕتان بۆ ساز دەکرد

دەروێش کە بەمجۆرە پێیهەڵدەکوتم، منیش ناچار بووم وەک کوڕە شێخێک بدوێم و هەڵسوکەوت بکەم و لە وشەی شڕ و دڕ و نەشیاو کە شایانی شانی منی شێخزادە نییە، خۆم بپارێزم.

هەر چەند دەروێش کوڕی بە ژن و ماڵی بوو بەڵام ئەو ڕۆژانە لە تاوی ئاژەڵ و زەوی و زاری هەدادانی لێ هەڵگیرابوو، هەر دەیکوت: ئێستا جەنگەی درەوە و، خۆم نەبم کەس نییە خەمی لێ بخوات و بەخاوەنی کات.

جارێک لەناو قسەکانیدا کوتی خێزانم لەسەر دوامین منداڵ "هاڵ" بردوویە و هەر چەند کورگەلی ئاوایی کە بەمەیان زانیوە بەهانایەوە هاتوون بەڵام فریا نەکەوتوون گیانی بستێننەوە.

ئەی نیشتمان، خۆشەویستیت درک و داڵیشی لێکردوومە جاڕەگوڵ.

ماویەتی.

#.منافقین: سازمان مجاهدین خلق ایران

##گەورک: ناوچەیەکی بەرینی نێوان  شارەکانی مهاباد و سەردەشت و سەقز و بۆکان.

###.بۆ سەر دوکتور چوون: تا سەرەتای سەدەی ڕابردوو لە کوردستان دوکتور و دەرمان و بنکە و دامەزراوەی تەندوروستی نەبووە و، تەنیا هەر سەردانی چاک و پیر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان لەدەست دابووە، چاک و پیرەکانیش زیاتر لە بەرزایی و ملە و سەریاڵەکان بوون، کە دوکتوریش داهاتووە، هەر ئەو دەستەواژە (چوونە سەر دوکتور)یان لە کار کردووە.

####ویشکە بیرۆ: نەخۆشینێکی پێستیە کە پیست ویشک دەبێت و سوور دەبێتەوە دەخورێت. "تەرەبیرۆ"ش هەیە.

# ####هاڵ: ژنێکی "جنۆکە" ڕەق و لاواز و ناحەز و درێژی وەک کۆڵەوەژە، کە دڵی ژنی زەیستان دەرفێنی و بۆ زنە و کانی و ئاوی نیزیکی ئاوایی دەبات، ئەگەر پیاو فریا کەون و بە پەلە  ئاوی کانی وەبەر ڕم و خەنجەر دەن، ئەوە ژنەکە لە مردن ڕزگار دەکەن.

وێنە: تەورێز، شاگلی